# خۆپیشاندانی جەماوەری شاری کەرکوك دژبە نەبوونی سووتەمەنی و کارەباو گەندەڵی ئیداری و کارە خزمەتگوزاریەکان سەرکەوتوانە کۆتاییپێهات

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 12/ 8/ 2006 بەبانگەوازێك کە ڕۆژی پێشووتر لەلایەن( دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوك) ەوە بۆجەماوەری شار کرابو خۆپیشاندانێك دژبە نەبوونی سووتەمەنی و کارەباو گەندەڵی ئیداری و کارە خزمەتگوزاریەکان لەشەقامی گشتی شۆرجە بەڕێخرا , لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە پۆلیس و سوپای عێراق ئەوناوەیان داگیر کرد وە جەماوەر بەبێ گوێدانە ئەوە سات لەدوای سات زۆرتر لەدەوری دەستەی داکۆکیکۆدەبوونەوە , دەسەڵاتداران پاش ئەوەی بینیان کە خۆپیشاندانەکە بەرەو فراوان بوون ئەچێ داوایان لە دەستەکە کرد کە دانووستنیان لەگەڵدا بکەن و وە خۆپیشاندانەکە هێمن ڕابگرن ,نوێنەرایەتی دەستەکەش کەپێك هاتبوو لە ڕەمەزان سابیر , محەمەد عەزیز , ئازاد مەجید , سەدر نوری , موەفەق حوسێن , ڕەمەزان ساڵح , ستار غەریب و چەند نوێنەرێکی تر پاش ئەوەی کە لەلایەن سەدر نوریو ئازاد مەجیدو ڕەمەزان سابیرو موەفەق حوسێنەوە باس لە وەزعی ئەم شارەو بێدەربەستی دەسەڵات لەبەرامبەریداو زەروورەتی خۆپیشاندان کرا یاداشتنامەی داخوازیەکانیان بۆجەماوەر خوێندەوەو وەڕایانگەیاند کە بڕیارە سبەینێ سەعات دەی سەرلەبەیانی وەفدێك لەگەڵ پارێزگاری شارا دابنیشێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەم خواستانە وە لە ئەگەری بەئەنجام نەگەیشتنی ئەم دانوستانە ئەوا ئەمجارە هەموو جادەکانی شاریان لێئەگرین , جەماوەری ئامادەبوو بەچەپڵە لێدان ڕەزامەندی خۆیان لەم پێشنیارە دەربڕی , شایانی باسە جەماوەر زۆر بەگەرمی و شۆڕو شەوقەوە پێشوازی لە قسەی نوێنەرانی دەستەکە کرد وەتاکو نوێنەرانی دەستە داوای بڵاوە کردنیان لێنەکردن ئەوشوێنەیان بەجێنەهێشت .

ئێمە هەر لێرەوە ڕای دەگەیەنین کە لەگۆڕانکاریەکانی ئەم وەزعە بەزووترین کات جەماوەری شار ئاگادار ئەکەینەوە

**سەرکەتووبێ بزووتنەوەی ڕەوای جەماوەر بۆبەدەست هێنانی خواستەکانی خۆی**

**دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوك**

2006/8/12